www.kurdistannet.org
29-11-2006 10:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گڕدار مێژووی شۆڕش و نەتەوەیەک ... خوێندنەوەی: نەجات ڕۆستی

najatrosty@yahoo. com

گەلانی دونیا شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن، چ جای ئەو ڕابردووەی کە لێوانلێو لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەیەك کە سالّەهای سالّە لە ژێر چەپۆکی دوژمناندا نالّەنالّی بوو، ئەو گیانلەسەردەستانەی کە لە ڕۆژە سەختەکانی ژیانیان هەمیشە بوونەتە کێویکی سەخت و بەرگریان لە خاك و نەتەوەیەك کردووەو ڕابردوویەکی پڕ لە سەروەریان هەبووە، هەرگیز چۆکیان دانەداوە لە ئاست دوژمنان، گەورەترین مێژوویان بۆ نەتەوەیەك تۆمار کردووە، هەموو تاکێکی کوردی شانازیان پێوە کردووەو دەیکات، دیارە ئەو کەسانە کەم نین و بە سەدان و هەزاران ئێستاش لە ژیاندا ماون، زۆرێکیش لەو ڕێگایە گیانیان بەخشی و بوونەتە مەشخەلّی شۆڕشێکی بەردەوام کە ئێستای ئەو ئازادییەی لێکەوتۆتەوە.



ئەگەر بە مێژ وودا بچینەوە سەدان داستانی قارەمانێتیمان بەبیر دێنەوە، زۆرێکیش لە ئێمە تەمەننای ئەوەمان دەکرد کە شەرەفی بەشداریمان پێبڕابوایەو لەو سەردەمەدا لەگەلڕ یەکتر بژیاینایە... ئەگەر بەوردی بابەتەکانی نێو کتێبە ناوازەکەی ڕۆژنامەنوس (ڕەهبەر سەید برایم) بخوێنینەوە هەموو ڕووداوەکانی ئەوا ڕۆژێمان وەك فیلمێکی چەند ئەلّقەیی دێتەوەیاد، لەلای هەریەکێکیشمان چەندین بیرەوەریو ڕۆژی شیرینمان دێتەوەیاد، ئەو ڕۆژانەی کە بە تاسە گوێڕایەلّی هەوالّێکی سەرکەوتن لێرەو لەوا دەبووین، هەرچەندە لەگەلڕ خوێندنەوە (گڕدار) دا ئەو ڕۆژانەمان بەبیردەهێنێتەوە کە ئێستایان وەها دروست کرد، یادی ئەو هەموو کەلّە پیاوانەشمان دێتەوەبیر کە ڕۆژانێك لە بلّندگۆ هەرەبەرزەکەی ڕادیۆی گەلی کوردستان ناوەکانمان دەبیستن، هەمیشە وەك پشتیوانی چینە چەوساوەکانی کوردستان ببونە چرایەك و ڕووناکیان بەدلّی دایکی هەموو ئەو شەهیدانە دەدا کە ڕۆلّەکانیان لە مالّەوە چوونە دەرەوە بۆ هێنانەوەی مژدەی سەرکەوتن و نەگەڕانەوە، دوایی بە خوێنی گەشی ئەوان گولّی سەربەستی نەتەوەیەکی (40) چل ملیۆن مرۆڤ پێشکەوتوو هەڤالّەکانی ئەوان ئەو مژدەیان بە ئێمە دەدا. لەناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا مژدەی بەهارێکی تازە لە ژیانی گەلێکی ژێردەستەی زیاتر لە دوو سەدە بە جیهان ڕاگەیاند.

هەق وایە بیرەوەرییەکانی ناو ئەم کتێبە هەریەکێك لە ئێمە بۆ نەوەکانمان بگێڕینەوە بۆ ئەوەی ئاشنایان بکەین بەو هەموو خەباتە سەختەی کە لەو سەردەمەدا کراوە بۆ ئەوەی لەو ڕاستییە بگەین کە ئەو ئازادییەی کە ئێستا هەیە بە ئاسانی نەهاتۆتەدی...

ئەو ڕووداوانەی لەنێو ئەم کتێبەدان، وەکو ئەو درامایە وایە کە خەباتی ڕۆژانی ڕابردوو گەورەترین شۆڕشی کوردایەتی دەگێڕێتەوە کە بۆ یەکەمینجار کە شۆڕشێك هەلّگیرسابێت و توانیبێتی بگاتە

ئامانج. گۆشەکانی ئەم کتێبە هەریەکەی بۆخۆی گەورەترین داستانە بەتایبەتی ئەو پاڵەوانانەی کە بەرامبەر گەورەترین حکومەتی زلهێزی ناوچەکە وەستابوونەوە، بۆیە پێویستە دەرهێنەرەکلنی کورد بە وردی ئەم کتێبە بخوێننەوە بۆ ئەوەی چەندین سیناریۆی قارەمانێتی لێهەڵێنجن.

دەستخۆشی لە نوسەری هێژا دەکەین کە گەورەترین خزمەتی بە کوردیو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە بۆ نوسینەوەو تۆمارکردنی هەموو ئەو بیرەوەریانەی لە دووتوإی (184) لاپەڕەی کتێبی گرداڕدا خستوویەتەڕوو.